

**کچێ نەکەی**
**هۆنراوەی شالاو ..**

**کچێ نەکەی دڵ بشکێنی**
**واز لە دڵداری بهێنی**
**ئاشقێکی زۆر دێوانەم**
**هەردەم لە کوچەو کۆلانەم**
**لە دووری تۆ بێ کەس ماوم**
**لە شاری خۆشم بێگانەم**

**کچێ فەرمووت تۆم خۆش دەێ**
**تۆ لە کوێ بی دەمرم لەوێ**
**بەلام تازە زانیم ئەتۆ**
**پەیمان دەشکێنی بەبێ هۆ**
**بێ وەفا بووی بەرامبەرم**
**تۆ هەرچیت ووت بوو بە درۆ**

**کچێ ئەگەر دوورم لە تۆ**
**لە چاوانی پڕ عیشقی تۆ**
**ڕۆژم تاریک وتەنیایە**
**شەویشم قەت لێ هەڵنایە**
**بۆیە گوڵم دڵ مەشکێنە**
**پەیامی دڵداری بێنە**

**کچێ هەرمن چاوەڕوانم**
**ڕۆژێک دابێ بێیتە ژوانم**
**ببینی چۆن بۆت سووتاوم**
**لە دووری تۆ چۆنە ماوم**
**لە دوو چاوی من خوێن دەتکێ**
**ئیتر مەهێلە دڵ بشکێ**

**لەلایەن هونەرمەند زەکەریا ئاوازی**
**بۆ دانراوە**